www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:00 4-7-2006

# کودەتایەکی سپی دژی رادیۆی نەوا ... ئەنوەر حسێن (ڕ. بازگر)



"هەتا ئەوان ئاغا و ئێمە رەعیەت بین حاڵمان لەوە باشتر نابێ"وتەی پیاوێکی رادیۆی نەوا ئەوەی سەرەوە وتەی ئەو پیاوەیە کە زۆر رۆژ گوێمان لێ دەبێت و دیاریشە مەبەستی کێیە... ؟

ئەو پەرەگرافەی سەرەوە چەندە قسەیەکی سادەیە، ئەوەندەش هەڵگری ماناو مەغزاو رەهەندی جۆراو جۆرە.

چونکە ئەوە خەڵکە بونتە رەعیەت و ئەوە مەسئولی حزبەکان و وەزیرەکانی حکومەتن لە خەڵکی کوردستان بوونتە ئاغا.

ئەم قسەیە هەمووشمان دەیزانین و هەمووشمان هەستی پێدەکەین، بەڵام کەس نایڵی، یان کەس ناوێری، بەڵکو ئەوەی دەیڵی و رۆژانە چەند جار لەدیباجەی بەرنامەکانی خۆیدا بڵاویدەکاتەوە" رادیوی نەوا"یە.

رادیۆی نەوا، یەکەم کەناڵی میدیایی بیستراوە لە کوردستاندا. کە لەسەر فۆرمێکی ستانداری نێو دەوڵەتی کار دەکات و یەکەم رادیۆشە ئەفراندنێکی گەورەی کردوە.

ئەوە رادیۆی نەوایە:-

-ئازادیەکی زۆری فەرامکردوە بۆ گوێرەکانی و مۆدێلێکی نوێی داهێنا کە خەڵک بتوانێ قسەی پەنگخواردوی دڵی خۆی بکات، کە پێشتر کارێکی وانەکراوەو هەر رادیۆیەکی تر دیعایەی ئەو کارە بکات، درۆ دەکات، کەئەمەش بۆ خۆی شۆڕشێکی فەرهەنگی گرنگە بۆ کوردو میدیای کوردی.

-تاکە رادیۆیە تا ئەم ساتەش زۆرترین گوێگری هەیە، لە گەنج و پیرو ژنان و لاوان و خوێندکاران و کاسبکاران و شۆفێران... کە ئەمەش خاڵێکی گرنگە لە پلەبەندی کەناڵ و میدیادا- واتا زۆرترین گوێگر دەلالەتە لە باشترین رادیۆوی کوردی- ئەمەش موبالغە نییە، بەڵکو رۆژنامەنوسێکی هۆڵندی بەمنی وت، بەبۆچونی تۆ هۆکاری جەماوەری رادیۆی جەماوەر بۆچی دەگەڕێتەوە... ؟

دیارە خانمێکی هۆڵندی بە پانزە رۆژ لە کوردستان لەوە حاڵی بووکە نەوا زۆرترین گوێگری هەیە.

-سەربەخۆیی رادیۆکە، یەکێکە لە خاڵە پۆزەتیفەکانی، بەوپێیەی نەوا یەکەمین رادیۆی ئازادە، بە سەرمایەی شەخێی و بەهاوکاری رێکخراوەی ئەمریکی و ئەوروپی کار دەکات.

زۆرجار دەوترێت ئەم رادیۆیە هی ئەمریکایەو ئەمریکا پشتیوانی دەکات.

خودی بەڕێوەبەرەکەشی ئەم راستیەی بەمن وتوەو نایشارێتەوە ئەو دەڵی" رادیۆی ئەمریکا نییە، بەڵام رێکخراوی مەدەنی ئەمریکا و ئەروپی یارمەتیمان دەدەن" ئەمەش مافێکی ئاساییە.

لەسەر ئەم خاڵە زیاتر دەوەستم، گەر گریمان رادیۆی ئەمریکیەکان بێ؟ ئایە خراپە؟ ئایا دژی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردە؟ ئایا دژی ئەمنی قەومی و پارچە پارچەبونی کوردستانە؟ ئایا باسکردن لە دزی و گەندەڵی حکومەت و فەسادی ماڵی حکومەت و حزب و هەڵرشتنی دەردە دڵی خەڵکی و گوێگرتن بۆ رازی دڵی هەزاران هەزار لە خەڵکی ستەم کێش و بە شمەیەنتی کوردستان کارێکی خراپە... ؟

ئایا قسەکردن لەسەر بێ کارەبایی و نەبونی ئاوو خراپی رێگاوبان و جادەو کۆڵانەکان و نەبونی نەوت و سوتەمەنی و گرانی بەنزین... واقیعی حکومەتی هەرێمی کوردستان نین، کە ناتوانی چارەسەریان بکات ساڵ بە ساڵ دەیداتە دەست قەزاو قەدەروە... ؟

باشە باپپرسین ئەم کارانەی ئەم رادیۆیە خراپیەکەی لە کوێدایە؟ جگە لە مەترسی دروستکردنی بۆ سەر دەسەڵات و حکومەت نەبێت، کەدەبێ بزانن چەندە کەمتەرخەمن و چەندە خەڵک لێیان بەگلەییەو چەندە خۆیان لەبەزم و سەفادا دەژین و خەڵکیش چەندە دڵی پڕ هیلاکە.

باشە باپپرسین ئایا یەکێتی و پارتی لەماوەی پانزە ساڵی رابردوودا نەیاندەتوانی رادیۆوو رۆژنامە و تەلەفزیۆنێکی وا دابنێنت کە هەم تەعبیری لە بۆچونی خەڵک بکرادیە و هەم رێگری لە دروستبونی رادیۆی نەوا بکردایە... ؟

بێگومان نەخێر... !

**لەبەر ئەوەی حزب و دەسەڵاتی کوردی وا راهاتوە.**

**کە رەخنەی لی نەگیری و هەمیشە بەشان و باڵیدا هەڵبدرێت و چەواشە بکرێت.**

**ئەگەر نا بوونی (40) کەناڵی رادیۆی لە کوردستان، بەقەدەر رادیۆی نەوا کاریگەری نەبوە لەسەر گوێگران و خەڵکی کوردستان، چونکە زۆربەی زۆری ئەو رادیۆیانە ئەوەندە بی مستواو ترفیهی و خراپن جگە لە بەرنامەی گۆرانی داواکراو نامەی دڵداری و شت هیچ، بەر نامەیەکی رەخنەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتیان نییەو زۆرجاریش هەندێک لەو رادیۆیانە بەقەدەر ستافەکەی خۆی گۆێگری نییە، بەڵام بەقەدەر گوێکرانی نەوا، سمئول و رێگری هەیە.**

**لە کۆبونەوەیەکی نهێنی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لە هەولێر هەردوولا قسەیان لەسەر رۆڵی خراپی نەوا کردوە دیاردەبە حسابی ئەوان، خراپەوتویانە دەبی رادیۆکە فشاری بخرێتە سەرو داخرێت**

**تەنانەت یەکێک لەو ئەندام مەکتەب سیاسیانە وتویەتی نەوای چی... ؟ بۆ ناچن دوان لە مەسئولەکانیان فەلاقە بکەن و رادیۆکەیان پێ دابخەن... !**

**دیاردە ئەو کاکی مەسئولە هەرچی کەسی راستی بڵی دەبی فەلاقە بکری، چونکە ئەم قسەیە جگە لەم تەفسیرە هیچی تر هەڵناگرێت.**

**لەوەش ترسناکتر لەم رۆژانەدا ئەم رادیۆیە لە هەوڵی کودەتایەکی سپی رزگاری بوو، کە بەرنامەی پێش وەختی بۆ دارێژرابوو.**

**بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی چۆن رێزی لە رۆژنامەی هاوڵاتی نەگرت وەکو یەکەمین رۆژنامەی لیبراڵ و سەربەخۆو ئازاد کە گۆڕانێکی گەورەی لەبواری رۆژنامەگەری کوردی کردو تاوانباریان کرد بەدژی ئەزمون و دەستی دەرەکی، دڵنیاشم لەو تەلەفزیۆنە ئاسمانیە ئەهیلە سەربەخۆیی کە.**

**بەم نزیکانە بە ناوی (نەوا) دەکرێتەوە بەهەمان شێوە رێزی دەگرن و بە دەستی دەرەکی و دوژمانی دەزانن.**

**لە کاتێکدا حەق وابوو رێز لەو سی کەناڵە میدیایە بگرن کە خزمەتێکی زۆریان بەگەیاندنی کوردی کردوە.**

**لەوەش ناخۆشترە بی هەڵوێستی جەماوەرو خودی هاوکارو بەشدارو گوێگرانی ئەو رادیۆیە رۆژنامەیە کە لەکاتی تەنگانەدا دەنگیان ناخەنە پاڵ دەنگی ئەو کەناڵانە کە نەدەبوو وابی یان نابی ئیدی وابی.**